سەماحەتی حەکیم هیوای خواست فەاکسیۆنی موبادیر بتوانێت بەچوونی نەوان هەڵە سونەکان لەیەك نزیك بکاتەوە



بەڵێز عەمار حەکیم سەرۆکی ئەوتی حیکمەی نیشتمانی بەمەبەستی لەکنزیك کردنەوەی بەچوونی هەڵە سونەکان پێشوازی لە شاندکی کوتلەی موبادیر کرد کە بە سەرکایەتی زیاد ئەلجەنابی بوو، سەماحەتی دوای بیستنی چۆنیەتی پێکهاتنی ئوو فەاکسیۆنە هیوای خواست ئەو بەبتە ئاقڵیەکی بەیەك گەیشتن لەنەوان فەاکسیۆنە سونەکان و بەچوونیان لەیەك نزیك ببێتەوە.

سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر گرنگی بەیاردان لەسەر هەڵبژاردنی سەرکەکی نوێ بە ئەنجومەنی نوێنەرانی عەراق و گوتیشی دابەشکردنی سێ سەرکایەتییەکە بە دڵنیاکردنەوەی پێکهاتکان و بەشداریکردنیانە لە بەیاردانی سیاسیدا و جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە کەسایەتییەکی کارا و بەهێز بە ئەو پێستە دیاری بکرێت کە خاوەنی بڕیاردانکی باش بێت و باوەڕی بە سیستەمی سیاسی عەراق هەبێت.

هەروەها سەماحەتی باسی لەوە کرد کە لە بەڵگەنامە سیاسییەکەدا پشتەاستکراوەتەوە و گوتی " بەدیهێنانی سەقامگیری کەشێ هەڵپەسێردراوکان چارسەر دکات و تا زیاتر سەقامگیری بەهێزتر بکەین، زیاتر لە چارسەرکردنی ئەو کێشانە نزیک دەبینەوە."

هەروەها ئاماژەی بەوەشکردووە کە سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنی ئێستا لە قۆناغێی قوربانییەکانی خەڵکی عەراق بە هەموو پێکهاتکانەوە بەدەستهاتووە و هەموومان بەرپرسیارین لە گەینی ئەو سەقامگیرییە بە سەقامگیرییەکی هەمیشەیی بە ئەوەی عەراق بتوانێت لەسەر پرسەی بنیاتنانەوە و گێشەپێدان بەردەوام بێت.

سەماحەتی پاڵپشتی خۆی بە حکومەتی ناوەندی و حکومەتی نەوخەیی دووپات کردەوە، بەتایبەتی لە بواری تەواوکردنی پڕۆژەخزمەتگوزاریەکان، دووپاتیشی کردەوە کە بوونی پارە گرنگە بە پاڵپشتی کردنی ئەو پڕۆژانەی ئاستوخە پێویستن بە هاوڵاتیان.